مالیکی جەخت لەسەر پەویستی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسەردراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر دەکاتەوە

نووری مالیکی"سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا،جەختی لەسەر پەویستی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسەردراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و ناردنی شایستە دارایییەکان بە هەرێم کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:-"نووری مالیکی" سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا،لە نووسینگەکەی خۆی پێشوازی لە"نێچیرڤان بارزانی"سەرۆکی هەرێمی کوردستان،و وێفدی یاوەریکرد.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە:- لە میانی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر پێشهاتەکانی دەخی سیاسی و ئەمنی وڵات کرا،هەروەک باس لەو تەحەددایانە کرا کە ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت.

بەپێی بەیاننامەکە "مالیکی" جەختیکردەوە لەسەر پەویستی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسەردراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، و پێیوەست بە پرسی دەخی ئەمنی و ناردنی شایستە دارایییەکان بە هەرێم کردەوە و لەو ڕوانگەیەشەوە وتی: ئێمە هاوبەشین لە گێشتن بە سەقامگیری و ئاسایش لە سەرتاسەری وڵاتدا،و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێم کە بە هەموومان ئەرکە و بەردەوامی کێشەکان لە بەرژەوەندی کەسدا نییە